# مەترسیەکانی قەیرانی ئاو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست
# "ڕەهەندو لێکەوتەکانی"

*بەهرۆز جەعفەر

2018

# مەترسیەکانی قەیرانی ئاو لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست "ڕەهـەنـدو لـێـکـەوتـەکانــی"

## پێشەکی :

ئەگەر جیۆپۆڵەتیك زانستی لێکۆڵینەوە بێت لە کاریگەریی جوگرافیا بەسەر سیاسەتەوە ،ئەوا هایدرۆپۆڵەتیکیش بەدواداچوونە بۆ کاریگەریی ئاو ( $H_2O$ ) لەسەر سیاسەت.."دکتۆر ئیسماعیل سیراج الدین"جێگری بانکی دەولی و پسپۆر لە زانکۆی هارڤاردی ئەمریکی لایوایە" زۆربەی جەنگەکانی سەدەی ( 20 ) لەسەر نەوت بووە، زۆربەی جەنگەکانی سەدەی ( 21 ) یش لەسەر ئاو ئەبن "...ئاو نهێنی ژیانە لە سەر زەوی، مرۆڤ بە بێ نەوت و غاز ئەژی، بەلاَم بێ ئاو ناتوانێت ژیان بەرێتە سەر،هەرکاتێك بونی کەم بۆیەوە،ئەوسا زیاتر هەست بە پێداویستی و نرخی ئاو ئەکەین.

ئاو، پێکهاتەیەکی کیمیاوییە، لە دوو گەریلە هایدرۆجین ( H ) و گەردیلەیەك ئۆکسجین ( O ) پێکدێت. زانایان ئاماژە بەوە ئەکەن کە بنچینەی ژیان لەسەر هەموو هەسارەکان ئاوە،( ٪71 ) ی ڕووی زەوی بە ئاو دا پۆشراوە، هەموو شتێکی زیندوو پێویستی بە ئاوە،بە جۆرێك پەیکەر و ڕێکخەری ژیانە : جەستەی مرۆڤ ( ٪60 ) ی ئاوە،لە ناو ئاژەلاَندا فیل بەڕێژەی ( ٪70 ) و،لە ڕووەکیشدا پەتاتە ( ٪80 ) و تەماتە ( ٪95 ) ی لە ئاو پێکهاتووە ....تاد .مرۆڤێکی ئاسایی ئەتوانێت تەنها ( 7 ) ڕۆژ بێ ئاو بژی .ئەگەر کەسێك ( ٪20 ) ی ئاوی لەشی لەدەستبدات،یەکسەر ئەمرێت . هەر مرۆڤێك بۆ خواردنەوە ڕۆژانە پێویستی بە ( 2,4 ) لیتر ئاوە [1] .

لە وولاَتە پێشکەوتوەکان، بۆ هەر تاکێك لە شوێنەکەی خۆی ڕۆژانە بڕی ( 380 ) لیتر ئاو دابین کراوە،ئەگەر تەنها ( 1 ) خولەك کەسێك لەژێر دووشی حەمامدا بێت ( 19 ) لیتری پێویستە .بۆ شۆردنی جلوبەرگ و کەلوپەلی کەسێك ،بەلاى کەمی ( 154 ) لیتر ئاو دانراوە .ئینجا ئاو بۆ بوارەکانی کشتوکالْ و پیشەسازیی و خواردنەوەو ئاژەڵداریی و ...تاد .گرنگی بێ پایانی هەیە .لەبەر گرنگیەکەی هەموو وولاَتێك سیاسەت و یاسای ئاویی هەیە، ڕێککەوتننامەی ئاویی و دەریاوانی نێو-دەوڵەتی هەیە .

ئێمە لە لێکۆڵینەوە باسەکانی پێشوومانداا، گوتمان هەنووکە ( ٪80 ) ی ووزە لە جیهاندا پشت بە (نەوت و غاز) ئەبەستێت ،نزیکەی سەت ساڵە نەوت و غاز ڕیزبەندی یەکەمی گرتووە لە بازاڕەکانی جیهاندا، بۆ نمونە تا دێت جیهان زیاتر پێویستی بە غازی شلە، ساڵی ( 2012 ) جیهان ( 240 ) ملیۆن تەن غازی شلی سەرفکردووە، پێشبینی کراوە ساڵی ( 2030 ) ئاستی بەکاربردن (استهلاك) ی ئەم غازە بگاتە ( 550 ) ملیۆن تەن لە جیهاندا، واتە پێداویستی و ڕێژەکە دوو کەڕەت زیاتر ئەکات ..لەبەر ئەم گرنگیەش وولاَتانی دونیا سیاسەتی سەربازیی و هەوالگریی و دەرەکییان لەسەر بنەمای بیرکردنەوەیە لە ووزە یەکی زیاتر .هێشتا جیهان شەڕی بۆڕییە نەوتی و غازییەکانی تەواو نەکردووە ..قەیرانی ئاو یش لەناوچەکەدا نیشانەکانی بە زەقی دەرخستووە .

لێرەوە،لێكۆڵینەوە لە كەیسی (ئاو) ئەكەین، كە بە ئاشكرا لەناوچەكەدا،ململانێیەك لەسەر (ئاو) هەیە، ڕاستەوخۆش كاریگەریی لەسەر ئاسایش و ئارامی ئەبێت، بەتایبەت كەمبونەوەی سەرچاوەكانی ئاو لە زۆربەی وڵاتانی ناوچەكە، بۆیە ئاو بۆتە بابەتێك لە ڕەهەندەكانی ئاسایشی نیشتمانی و سیاسەتی دەرەوەو بەرقەراربونی ئارامی لەناوەوە . كارێك كە توركیا لێرەدا پێی هەڵساوە ، بەكارهێنانی ئاوە وەك كارتێك بۆ فشاری سیاسیی لەسەر ناوچەكە و بەدیاریكراویش (سوریاو عێراق) ،چونكە توركیا شوێنی هەڵقولانی هەردوو ڕووباری دیجلەو فوراتە (هەردوكیان لەشاخەكانی تۆرۆس و لە ئەنادۆڵەوە هەڵدەقوڵێن) و بە عێراق و سوریادا تێ ئەپەڕن [2].

## یەكەم: لە نیلەوە بۆ فورات

توركیا ساڵی (1989 ) نێردراوی خۆی ناردە ئیسرائیل، تا سوود لەشارەزایی و پاڵپشتی تەكنیكی و هونەریان وەربگرێت، ئیسرائیلیش وەفدێكی خۆی لەكەسانی پسپۆڕ لە بوارە جیاوازەكانی، ئاسایشی خۆراكی و، پاككردنەوەی خاك و چاكسازیی لە زەوییە كشتوكاڵیەكان ناردە ئەنقەرە .

بەلآم !.بە زانینی ئەوەی پرۆژە ئاوییەكانی كە توركیا بەنیازە دەستی یان بداتێ و، داوای توانا و شارەزایی لە ئیسرائیل ئەكات، لە ڕاستیدا ئەمە نیەتی بنەڕەتی ئیسرائیل خۆیەتی ، كە دەستی بداتێ، عەیامێكە دروشمی " لە نیلەوە بۆ فورات" ی بەرزكردۆتەوە (لە كیتابی پیرۆز یشدا باسی ئەمە هاتووە) .لەم پلان و هێڵكارییەدا ئاشكرابو،كە ئاو لە توركیاوە ئەگوێزرێتەوە بۆ ئیسرائیل . جامیعەی عەرەبی بەمەی زانی ،ترس و دڵەڕاوكێ بەرانبەر هاریكاریی توركی – ئیسرائیلی دەربڕی [3].

توركیا لە حوزەیرانی 1987 دا، لەسەر زاری ڕاوێژكاری سەرەكوەزیران بۆ كاروباری دەرەوە "جیم دونا" پرۆژەی بۆڕییەكانی ئاشتی (انابیب السلام) ی ڕاگەیاند. ئەمەش لەمیانەی كۆنگرەی سێهەمی سەنتەری لێكۆڵینەوەی زانكۆی جۆرج تاون ی ئەمریكیدا،وەك ئاماژەیەك بۆ بایەخی گەشەپێدانی پەیوەندیی ستراتیجی و نێودەوڵەتی و ئابوریی لەنێوان وڵاتانی خۆرهەلآتی ناوەڕاستدا، بۆ قازانجێكی هاوبەش لە سەرچاوەكانی ئاو، ئەگەرچی ئەم پرۆژەیە پێشوتر لەلایەن ئەندازیارێكی ئیسرائیلییەوە "Elish Cali" یەوە لە (1974) بەناوی "ئاوی ئاشتی" پێشنیاركرابو ،ئەوەش بەئامانجی پڕكردنەوەی پێداویستیە ئاوییەكان لەناوچەی ڕۆژهەلآتی ناوەڕاست،تاوەكو : سوریاو، ئەردەن و، ئیسرائیل، سوود لەئاوەكانی هەردوو ڕووباری سەیحان و جەیحان Nehir Seyhan ve Ceyhan ی توركی ببینن،لەبەرئەوەی پرۆژەكە تێچوویەكی زۆری هەبو، دووری 2650 كم و 21 ملیار دۆلاری تێ ئەچوو،ساڵانە توانای ناردنی 6 ملیۆن مەتر/سێجا هەبو،ئەكرا لەوكاتەدا گرفتێكی ئەمنی دیكە لەناوچەكەدا دروست بكات، وڵاتانی عەرەبیش ڕەتیان كردەوە ،بۆیە ئەم هەوڵەیان بە هەڵواسراوی مایەوە [4].

**دوای ئەوەی پرۆژەی بۆڕییەکانی ئاشتی سەرکەوتو نەبو،ئەندازیارێکی تری ئیسرائیلی "بەواز ئەتشل- Boaz Atchel" پرۆژەیەکی خستە ڕوو،کە هێشتا ئیسرائیل توانای هاوردەکردنی ئاوی لە تورکیاوە ماوە..پەیمانگەی دیراساتی ئیسرائیلی لە نیۆرك پرۆژەکەی ناونا "کەناڵی ئاشتی".ئەم پرۆژەیە لەسەر درێژیی دوو بۆڕیە، ئاو لە دەریاچەی ئەتاتۆرك یان لە دوو ڕووباری سەیحان و جەیحان بەسەر ڕووباری فورات دا، ئەباتە (بەرزاییەکانی جۆلان) ی سوریا.لێرەدا پرۆژەکە لەشێوەی نیمچە دەریاچەیەك دروست ئەبێت،بە درێژی (60) کم و پانی (670) م..پرۆژەکە وەك بەربەستێکی ئاویی لێدێت لەنێوان سوریاو ئیسرائیل دا. دوو بۆڕییەکە ئەبێتە دوو لقەوە،یەکێکیان بە ئاڕاستەی ڕۆژئاوا و "دەریاچەی تەبەری" لەبەرژەوەندیی ئیسرائیل ئەبێت،ئەوەکەی تریش بەئاڕاستەی ڕووباری یەرموك لە پشت "بەنداوی وەحدە" ەوە لەبەرژەوەندیی سوریاو ئەردەن [5]**

**ئامانجەکانی ئەم پرۆژەیەش ئەوەیە:**

1- **ئەم کەناڵە بۆ لایەنی ئەمنی ئیسرائیل گرنگە ، بەربەستێکە لەجۆلان و باشترکردنی ڕووباری ئەردەن لەبەرانبەر ئەو پاشەکشەیەی ئەمدواییەی کە لەبەرزاییەکانی جۆلان و زیفەی غەربییەوە کردی .**
2- **پاراستن و دەست پێوەگرتنی کوالیتی ئاو و بڕی زیادەی ئاویشە لە ناوچەکەدا،وە دابەشکردنیەتی بەشێوەیەکی یەکسان بەسەر هەر چوار لایەنەکەدا (سوریا،ئەردەن،زەوییەکانی فەلەستین و ،ئیسرائیل) .**
3- **بەرهەمهێنانی ووزەی کارەبایی بە بێ پیس کردنی ژینگە لەسەری،بەبڕی 100 مێگاوات .**
4- **زامنکردنی چوارچێوەیەکە بۆ ڕێوشوێنە ئەمنیەکان، وە ئاو لەناوچەکەدا..وەکو چارەسەرێکە لەسەر بنەمایەکی هایدرۆلۆجی و ئەمنی [6].**

- **بەڵام ئەم پرۆژەیە مەترسی خۆشی هەیە، توانایەکی ڕێژەیی ئەدات بە ئیسرائیل کە حوکم بە ئاوی فورات و جۆلان ەوە بکات، بێجگە لەوەی ئەبێتە هۆی دەوردان (حەسر) ێکی سوریا بە ئاو .سنورێکی ئاویی جێگیر و بۆهەتا هەتایە دروستەکات وەکو هێڵێکیشە بۆ ڕێککەوتنێکی تازە . ئینجا کاتێك ئیسرائیل بەم شێوەیە بەردەوام ئاو لە فورات وەربگرێت،بێگومان لەئایندەدا ئەو عێراقەی بەدەست گێژەڵۆکی شەڕی مەزهەبییەوە ئەناڵێنیت و،سەرقاڵە،تووشی قەیرانێکی گەورەی ئاو ئەبێتەوە . لەمیانەی لێدوانێکیدا سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل "بنیامین ناتانیاهو" لە (2015/10/25) نەیشاردەوە کە زۆربەی وولاتانی عەرەبی لەقسەیان دەرناچن و،وتیشی هەتا حوکمی شیعەو ئێرانیش لە عێراق هەبێت شەڕی داعش بەردەوامی ئەبێت و،چاوەڕوانی گرفتی دیکەش بکەن "..**

## دووەم: پرۆژەی باشوری ڕۆژهەلاتی ئەنادۆڵ (گاپ-GAP)

پرۆژەی باشوری ڕۆژهەلاتی ئەنادۆڵ GAP (Güneydoğu Anadolu Projesi) یەکێکە لە گرنگترین پرۆژەکانی گەشەپێدانی باشوری ئەنادۆڵ، سەرەتاکەی ئەگەڕێتەوە بۆ دوای دامەزراندنی کۆماری تورکیا ،ئاما نجەکەشی ئەوکات ساڵی (1930) خۆی لە: خستنەگەڕی وێستگەکانی وەبەرهێنانی ووزەی کارەباو، هەڵبەستنی چەندین بەنداو لەسەر ڕووباری فورات ئەبینیەوە ، بە پێی حکومەتە یەکلەدوای یەکەکانی تورکیا، لەهەموو سەردەمەکاندا لێکۆڵینەوەو، پلانی وورد دائەنرا، بیرلەوە کرایەوە کە چۆن بتوانن سوود لە ئاوەکانی باشوری ئەنادۆڵ (فورات) وەربگرن، وەك پرۆژەیەکی نیشتمانی و ئابوریی زەبەلاح بیخەنە گەڕ،تا ساڵی (1986 ) دامەزراوەیەك بۆ کاروباری ئاویی تورکیا دەستبەکاربو،لەسەر ئەم بنەمایەش حکومەتی تورکیا گوێی بۆ پرۆژەکەی ئەم دامەزراوەیە گرت و،ئیدارەیەکی تایبەتیشی بۆ پرۆژەکە بەناوی "بەڕێوەبەرایەتی گەشەپێدانی باشوری ڕۆژهەلاتی ئەنادۆڵ" کردەوە،وەزیرێکیشی لەسەرۆکایەتیەوە بۆ دیاریکرد، بەناوی وەزیری کاروباری باشوری ڕۆژهەلاتی ئەنادۆڵ [6].

پرۆژەی گاپ،گەورەترین و پڕ بایەخترین پرۆژەیەکە،کە حکومەتی کۆماریی لە تورکیا لەمێژووی خۆیدا تەماحی تێ کردبێت،بەڕێژەی (80٪) پشت ئەبەستێت بە ئاوی فورات،(20٪) یشی لەسەر ئاوی دیجلە ئەبێت،ئەم پرۆژەیە چەندین پارێزگاو ناوچە ئەگرێتەوە (کە زۆربەیان شارە کوردییەکانن) وەکو : باتمان، دیاربەکر،سرت،لکس، ماردین، غازی عەنتاب،شانلی ئەدەرنە" .. (9,7٪) ی ڕووبەری تورکیا ئەگرێتەوە، (20٪) زەویی کشتوکاڵی تورکیا لەخۆئەگرێت کە ئەکاتە (8,5) ملیۆن هێکتار (هیکتار: یەکەی پیوانەکردنی زەوییە لەسیستەمی نێودەوڵەتی دا،هەر (1) هێکتار یەکسانە بە (10000) کم چوارگۆشە،کە بەرانبەرە بە (4) دۆنم زەوی ) .

گاپ، دەشتێکی بەرفراوان لە حەوزەی فورات و دیجلە ئەگرێتەوە، لە زووەوە بەم ناوچەیە وتراوە مانگی بە پیت " هلال خصیب" ، بەوە ناسراوە کە لانکەی شارستانیەتە،لێرەوە بەشەریەت و شارستانیەت گوازراوەتەوە بۆ شوێنەکانی تری جیهان .لەهەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە ئەم پرۆژەیە بۆتە پرۆژەیەکی گەورەی ئیقلیمی ئابوریی فرە ڕەهەند، وەکو: کەرتی ئاودێریی و وەبەرهێنانی کارەبا،کشتوکاڵ و پرۆژەی هایدرۆکارەبایی و ژێرخانی ئابوریی پەروەردەیی و تەندروستی و گەشتوگوزاریی ...تاد. هەنوکەش دانانی (22) بەنداوی گەورە لەچوارچێوەی وەبەرهێنانی سەرچاوەکانی ئاو، لەگەڵ (19) ناوەندی هایدرۆکارەبایی هەیە،ئەمەش لەسەر حیسابی ولاتانی ترە.[7].

پرۆژەکە تائێستا بڕی (32) ملیار دۆلاری تێچووە، هێزی گشتی لە وەبەرهێنانی ووزە لەم پرۆژەیەدا (7476) مێگاواتە،ئەمەش یانی بەرهەمی ساڵانەی ووزەی تیا ئەگاتە (27) ملیار مێگاوات لە کاتژمێرێکدا. لەهەناوی خۆیدا

**ئەم پرۆژەیە دابەشکراوە بۆ (13) پرۆژەی سەرەکی،کە (7) یان لەسەر ڕووباری فوراتە،(6) یان لەسەر دیجلەیە،ڕووبەرەکەیان بەگشتی (6,76) ملیۆن دۆنم زەوییە .**

**پرۆژەی گاپ،هەتا بلێی بەشداری ئەکات لە خزمەتکردنی ئامانجەکانی زامنکردنی ئارامی کۆمەڵایەتی و گەشەی ئابوریی و ،کەرتەکانی: گەیاندن، کشتوکاڵ و ئاودێریی، گەشتوگوزار، نیشتەجێ بون،هەلی کار، تەندروستی، پەروەردەو فێرکردن و هەستانەوەی نەتەوایەتی تورکی . دیزاینکردنی پرۆژەکە لە سەردەستی پسپۆڕی ئاودێریی ئیسرائیلی (شارۆن ئالوزوروف) دانراوە . ئەندازیارەکەشی (یوشع کالی) ئیسرائیلیە. پرۆژەکە کاریگەرییەکی زۆر لەسەر کەمکردنی پشکی ئاوی عێراق و سوریا دائەنات، ئاوی فورات (40٪) لەسوریاو (75٪) لە عێراق کەم ئەکات . مەترسیەکی گەورەشە بۆسەر ئاسایشی نەتەوەیی عەرەبی، ئەکرێت ئەمە یەکێکی تر بێت لەکارتەکانی ئیسرائیل بۆ لە قاڵبدانی جیهانی عەرەبی، تا وڵاتانی عەرەبی ناچاربکات پێویستیان پێی بیت و هاوپەیمانی لەگەڵ ببەستن .**

**لەمیانەی سەردانێکی وەزیری بازرگانی و پیشەسازیی ئیسرائیل بۆ ئەنقەرە لە (25ی ئازاری 1998) سەرپەرشتی کۆبونەوەی لیژنەی هاوبەشی ئابوریی نێوان تورکیاو ئیسرائیلی کرد و گوتی:" تورکیاو ئیسرائیل هاوکاری تەواو لەنێوانیاندایە بۆ پرۆژەی باشوری ڕۆژهەلاتی ئەنادۆڵ،ئیسرائیل کەسانی شارەزای خۆی لەبواری ئاودێریی و کشتوکاڵ ناردووە بۆ پرۆژەکەو،هەموو تەکنیکێکی پێشکەوتوو بۆ ئەو دوو بوارە بەکارئەهینێت" .**

**"لەساڵی (1930) بەدواوە، ئەتاتۆرك خەونی بو،کە باشوری ئەنادۆڵ بۆ هەتاهەتایە بلکێنێتەوە بەتورکیاوە و وە بیکات بە پرۆژەیەکی گەورەی بەرهەمهێنانی ووزەو کشتوکاڵی و ئابوریی .ئەگەرچی بڕیاربو ساڵی (2015) پرۆژەکە کۆتایی پێ بێت،بەلاّم دواجار ڕەنگە ئەم پرۆژەیە سەرنەکەوێت،بەهۆی ئەوەی هاوکێشەی سیاسیی لە تورکیاو ناوچەکە بەتەواوی بە قازانجی کوردەکان گۆڕاوە،لەهەڵبژاردنی حوزەیرانی 2015 کورد بۆ یەکەمجار توانی (80) کورسی لە پەرلەمانی تورکیا بەدەست بهێنێت و،هاوکات پەکەکە (PKK) لە ڕووی سەربازییەوە لەباکور و خۆرئاوای کوردستان بەهێزتربووە ".(8)**

## سێهەم : کەمبونەوەی ئاو (ڕەهەندو لێکەوتەکانی)

**سەرەکیترین هۆکاری کەمبونەوەی ئاو، بریتی یە: لە زیاد لەپێویست بەکاربردنی (ئاو) ، بەتایبەتی کشتوکاڵ و پیشەسازیی بەپلەی ئیمتیاز پشت بە توانا ئاوییەکان ئەبەستن، هەروەها زۆربونی ژمارەی دانیشتوان و، نەبونی هۆشیاری نیشتیمانی و، بە سیستماتیزە نەکردنی کەرتی ئاو، هۆکاری کەمبونەوەی ئاون لە گۆی زەوی، چەند نمونەیەك وەرئەگرین:**

**یەك:** وولاّتێكی وەك **ئیسرائیل** لە ڕۆژهەلاّت وەربگرین، سێ جۆر بەكاربردن (استهلاك) ی ئاویی تیا هەیە،یەكەم: بەكاربردن لەماڵەوە (بۆ مالاّن)،كە سالاّنە ڕێژەی (20٪) پێكدێنێت، دووەم: بەكاربردنی كشتوكاڵی،كە ئەمە پشكی شێر ئەبات (75٪) و،بۆ پیشەسازیش (5٪) ی بەكارهێنانی ئاو پێویستە .لەگەڵ ئەوەی لەساڵی (2010) ەوە پەیوەندییەكانی توركیاو ئیسرائیل تووشی ئەوپەڕی كزی بووە،كەچی هێشتا پەیوەندییە ئاوییەكانی توركیاو ئیسرائیل بەردەوامە (وەك لەسەرەوە باسمان كرد)..

**دوو:** **قوبرس** (قوبرسی توركی) دوورگەیەو لە هەر چوارلاوە بە ئاو دەوردراوە،كەچی ئاو لە توركیاوە هاوردە ئەكات، كەواتە ئاوی شیرین گەورەترین گرفتێكە لە ئایندەدا بەرۆكی مرۆڤایەتی و ناوچەكە ئەگرێت،دووریش نییە وەك كارتێك بۆ شەڕی گەورە بەكارنەیات ،لە (2015/10/16) بە ئامادەبونی هەریەكە لە ئەردۆگان و هاوتا قوبرسیەكەی "مستەفا ئاكینجی" هەروەها سەرۆكوەزیرانی توركیا "داود ئۆغلۆ" و هاوتاكەی "عومەر كالیونجی" پرۆژەی " سەردەم" كرایەوە، ئەویش هەناردەكردنی ئاوە لە بەنداوی "ئوكیرۆ" ی شاری مێرسین ەوە، بۆ شاری "گێرنە – Gerne " ی قوبرسی باكور (واتە بەشە توركیەكە)..




بەرپرسی پرۆژەی ڕاكێشانی ئاو بۆ قوبرس "ئورنای" بەگرنگترین پرۆژەی جیهانی زانی،كە هەموو كۆشش و سەلیقەی ئەندازیارە توركەكانی تیا سەرفكراوە،درێژیی بۆرییەكە بەگشتی (107 كم) ە،بە قووڵاّیی (250) مەتر لەژێر دەریا، سالاّنە (70) ملیۆن م/سێجا ئاو ڕەوانەی قوبرص ئەكات .تا ساڵی (2050) ئەم بۆرییە ئاوی شیرین بۆ قوبرس دابین

**ئەکات ..لێرەدا،ئاو هەر تەنها سەرچاوەی ژیان و کارتێکی ئابوریی نییە،بەڵکو تورکیا کە لەسەردەمی بوڵند ئەجاویدەوە،بەشێکی قوبرسی داگیرکردووە،بە فەرمی لەڕێگەی ئەم بۆڕییەوە ولاتێکی پەیوەست کرد بەخۆیەوە،سبەینێ ڕەنگە بۆڕییەکە بۆ نەوت بەکاربهێنن،یان ئەگەر هەردوو قوبرسەکە یەکیانگرتەوە،تورکیا وەك کارتی سیاسی مەسەلەکە بەکاربهێنێت** [9]..



**سێ: "بە بیابانبون-Desertification " کێشەیەکی جیهانییە،زۆربەی وولاتانی جیهان بەدەستییەوە ئەناڵێنن، کەمبونەوەی ئاوو شێداری وا ئەکات چینی سەرەوەی زەوی لە خاك و خۆڵ داماڵرێت، ڕاستەوخۆ هۆکاری نەمانی ڕووەك و درەخت و باڵندەو کێوی وجۆرەها زیندەوەری ترە ، دواتریش ئەم ڕووبەرە زەوییانە بۆ کشتوکاڵ و ژیان بەکەڵك نایەن، ئیتر لێرەوە نرخی خۆراکی جیهانی بەرزئەبێتەوەو، ڕێژەی هەژاری زیاد ئەکات ،بەپێی ڕاپۆرتی سندوقی جیهانی بۆ سروشت -** Word Wide Fund for Nature **، تەنها لەنێوان سالأنی** ( 1975-1995 ) **دا گۆی زەوی** ( 75٪ ) **ی سامانی سروشتی لەدەستداوە** ...؟؟.

**لە ناوەڕاستی** ( 2014 ) **دا،وەکو پێگەی فەرمی** ( **المؤتمر** ) **بلأوی کردۆتەوە " بە بیابانبون"، بۆتە هۆی لەدەستدانی** 100 **هەزار دۆنم زەوی کشتوکاڵی لە عێراق داو،خاوەنەکانیشیان کۆچیان کردووە بۆ شارەکان** ..!.**ئەمە ئەو عێراقەیە کە** ( 2 ) **ڕووباری گەورە پیا تێپەڕ ئەبێت و،**( 8 ) **دەریاچەی هەیەو،ڕۆژانە** ( 3,5 ) **ملیۆن و نیو بەرمیل نەوت ئەفرۆشێت، کەچی تەنها لەمساڵی** ( 2015 ) **یەدا زیاتر لە** ( 3 ) **ملیۆن عێراقی وولاتەکەی جێهێشتووەو بەرەو ئەوروپا کۆچیان کردووە** ..



**جیهان هەمیشە سەرقاڵی جەنگ و ململانێ و خۆپڕچەککردنن، نەك ئاوەدانکردنەوەی سروشت و ڕووانین بۆ بەختەوەری و سەلامەتی مرۆڤ ..ئەوکاتەی ئەمریکا (78) ملیار دۆلاری بۆ جەنگی عێراق سەرفکرد. نەتەوە یەکگرتوەکان لە ڕاپۆرتێکی دا ئەڵێت: "بە کەمتر لە نیوەی ئەو پارەیە،ئەمانتوانی زامنی ئاوی شیرین بۆ هەموو تاکێکی گۆی زەوی بکەین،تەندروستی و خوێندن و خزمەتگوزاری باشیان پێشکەش بکەین "..لەو ساڵەی (2001) دا کە ڕووداوی (11ی سێپتەمەمبەر) ڕوویدا،هەموو ڕۆژێك بەهۆی برسێتیەوە (24000) کەس مردووە [11]..تا ئێستاش (هێزی شاراوە: نوخبەیەکی جیهانی پڕۆفیشناڵی خاوەن داهاتی بەرزن، لە ڕێگەی گەمەی زمانەوانی خەڵەتێنەرانەو،چەتەیی و گەمەی موخابەراتی و....تاد..یەوە ،هەموو جیهانیان دەستەمۆ کردووە و،ئاڕاستەی ئەکەن .).ئەمانە لە ڕابردوودا کەسانی وەك لینین و ستالین یان بەکارهێناوە،بۆ چاوبەستنی مرۆڤایەتی ،مێژوو زۆر نهێنی بۆ باس نەکردووین..!.**

**چوار: سامانی ئاو لە میسر بۆ ساڵی (1990) کە بەشی پێداویستیەکانی کردووە (57,40٪) ملیار مەتر مکعب بووە، میسر (93) ملیۆن دانیشتوانی هەیە، ئەگەر هەریەکەیان ڕۆژانە (2) نان و (2) کوپ ئاویان بۆ دابنەین، ئەکاتە (186) ملیۆن نان و کوپی ئاو.لەمساڵانەی دوایی قەیرانی نان میسری گرتەوە .ساڵی (2000) میسر (74.05٪) ملیار مەتر مکعب .ئاوی سەرفکردووە..پێشبینی ئەکرێت لە ساڵی (2025) دا (111) ملیار مەتر سێجا ئاو بەکاربهێنێت .. یەمەن ساڵی (1990) ژمارەی دانیشتوانەکەی (16) ملیۆن کەس بوە (5.2) ملیار مەتر سێجا ئاوی بەکاربردووە، بۆ ساڵی (2025) کە دانیشتوانەکەی ئەگاتە نزیکەی (37) ملیۆن کەس، ڕێژەی بەکاربردنی ئاو تیا ئەگاتە (31,80) ملیار مەتر سێجا .**

**شانشینی عەرەبی سعودییە، تێکڕای بەکاربردنی ئاو لەساڵی (1990) تیایدا (4,950) ملیار مەتر سێجا بووە،ساڵی (2000) بڕی (5,54) ملیار مەتر سێجا ئاوی سەرفکردووە،لەگەڵ زیادبونی ڕێژەی دانیشتوانەکەی بۆ (43) ملیۆن کەس، پێشبینی ئەکرێت لە (2025) دا ،ڕێژەی کورتهێنان (عجز) ی ئاویی سعودییە بگاتە (1,65) ملیار مەتر/ سێجا**

**ئاو ... لە سوريا تێكڕای بەكاربردنی ئاو لە ساڵی (1990) دا (56,44٪) مليار م/سێجا ،لەساڵی (2000) دا بووە بە (60,1٪) مليار م/مكعب . بۆ ساڵی (2025) یش زیاتر ئەكات ..لە عێراق تێكڕای ئاوی بەكاربراو ساڵانە (42,56) مليار م/مكعب بووە (كە زۆربەی ئاوی سەر زەوی و ڕووبارو دەریاچەكان بووە)..بۆ ساڵی (2025) یش (67,6) مليار م/مكعب ئاوی پێویست ئەبێت**[10].

**پێنجەم: بە پێی ڕاپۆرتی (ئاشتی شین- السلام الازرق-Blue Peace) كە لەكۆنگرەی ئاوی ئاشتی لە توركيا دەكراوە،لە ماوەی نێوان (1960-2010) واتە لە (50) ساڵدا ڕووباری یەرموك (ئەردەن) لە (600) مليۆن م/مكعب ئاستەكەی دابەزيوە بۆ (250) مليۆن م/مكعب ی ساڵانە ..دابەزينی ئاستی دەریای مردوو لە (390) مەتر بۆ خوارەوە،گەیشتۆتە (420) مەتر لەئاستی ڕووی دەریا ...ناوچەی ئەهوارەكان لەعێراق (90٪) كەمبۆتەوە .ڕووباری فورات لە (27) بليۆن م/مكعب دوە گەیشتووە بە (9) بليۆن م/مكعب .**[11]

**شەشەم: زيادبونی ژمارەی دانيشتوان ،بە پێی ئەو ڕاپۆرتەی ساڵی (2013) نەتەوە يەكگرتوەكان بلاّويكردەوە،ژمارەی دانيشتوان لە ئێستادا (7,2) مليار مرۆڤە،وا خەملێندراوە لەساڵی (2025) دا بچێتە (8,1) مليار و،(2050) ش بچێتە (9,6) مليار و، لە كۆتايی سەدە (2100) ژمارەی دانيشتوان نزيك بێتەوە لە (11) مليار مرۆڤ .بە پێی ڕۆژنامەی "گارديان" ی بەريتانی،كە تازە (28 ئۆكتۆبەری 2015) بلاّويكردۆتەوە،ژمارەی دانيشتوانی عێراق لە سەت ساڵی ڕابردوودا بەڕێژەی (344٪) زيادیكردووە ..ئەفغانستانيش (242٪)...هەروەها ولاّتانی ديكەش ..ئەمەش نيشانەی تەقينەوەی گەورەی دانيشتوان و،خراپبونی ژينگەو كەمبونەوەی ئاو و نەوت و غاز و ....تاد .زۆربونی ڕێژەی (بەكاربردن-استهلاك) ە**[13].

## چوارەم: ئايندەی ئاو لە كوردوستان

**شارستانيەتی كورد،بەشێكی گرنگە لە شارستانيەتی ناوچەكە،كە مێژوو لە چوارچێوەی دۆڵی نيل و ڕافيدەين دا باسی كردووە..بەلاّم وەك چۆن لە (4000) ساڵ پێش ئێستاوە كورد خاوەنی فەيلەسوف و پەيامبەری وەك زەردەشت بووە،كۆنترين لادێ تازە لەناوچەی شارەزوور "بەكرئاوا" تەمەنی (10000) هەزار ساڵە دۆزراوەتەوە، يەكەمجار گەنم و جۆ لەگوندی چەرمووی نزيك چەمچەماڵ دۆزراوەتەوە، كورد لە ناوچەی زاگرۆس و تۆرۆس دا خاوەنی ئيمپراتۆريەت بووە، ئاوهاش (ئاو) بەشێكە لە ڕەگەزو ناسنامەی كوردوستان، لە شيعرو ئەدەبياتی كلاسيكی كورديدا "فەقێ تەيران" و "ئەحمەدی خانی" باسی ئاويان تێكەڵ بە ئەدەبيات كردووە ." گۆران" ی شاعير ديمەنی جوانی كوردوستان و ئاوی قەڵبەزەی تێكەڵ بە هەڵبەستەكانی كردووە..كوردوستان خاوەنی سامانێكی ئاويی بێشومارە، كە**

**بەرەو سست بون ئەچێت. بەتایبەتی کە لەسەدەی ( 21 ) دا ئاو بۆتە سەرچاوەیەکی ئابوریی گرنگ . هەر تاکێکی کوردی پێویستی بە نزیکەی ( 1000 م3 ئاو ) ئەبێت لە ساڵێکدا،**

**بۆیە کێشەی ئاو، تەنها لەناوەڕاست و خواروی عێراقدا کورت ناکرێتەوە.. ساڵی ( 2008 ) حکومەتی هەرێمی کوردوستان "ووشکە ساڵی " ڕاگەیاند، بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەو قەیرانەش ( 120 ) ملیۆن دۆلاری سەرفکرد، نەك هەر قەیرانەکەی چارەسەر نەکرد، بەڵکو بە پێی ڕا پۆرتی دیوانی چاودێری سولە یمانی ( هەموو مودیرناحیەو قا یمقامەکان ) لەگەندەڵی پارەی ووشکە ساڵییەوە گلاون، تەنها پارێزگاری ئەوسای سولە یمانی ( 5 ) ملیار دیناری ووشکەساڵی لووشدا .!.کەمبونەوەی ئاوی خواردنەوە، کەمی باران، نەبونی عەلەف بۆ ئاژەڵان، ووشکبونی چەم و کانیاوەکان، نەمانی باڵندەو ئاژەڵە کێوییەکان، دابەزینی ئاستی ئاویی ڕووبارو دەریاچەکان ( ڕووباری ئەڵوەن لە خانەقین وشکی کرد، ڕووباری سیروان ئێران ئاوبەناو ئاوەکەی ئەگرێتەوە ) ..هەروەها کەمبونەوەی ئاوی ژێر زەوی، لەهەرە گرفتە قووڵەکانی ئێستاو ئایندەی کوردوستانن ..ئێستا لەشارەکانی کوردوستان، لە ڤیەللاو باخەکانی دەرەوەی شار لە ( 100 ) مەترەوە بۆ ( 350 ) مەتر بیری ئیرتوازی لێ ئەدەن، ناگاتە ئاو و هەرەسیش دێنێت ؟! .**

**لە هەرێمی کوردستان دا، دوو بەنداوی گەورەی وەك: دوکان و دەربەندیخان هەیە، کە لەسەردەمی ئینگلیزەکان دا بیناکراوە، ئاستی ئاوی دووکان نزیکە لە ( 16 ) ملیار/م3. لەکاتێکدا ئێران ئاوی زێی بچوك ئەگرێتەوە، ئەبێت چەند شارۆچکەیەکی وەك قەلادزێ و دەوروبەری چۆڵی بکەن، ئاستی ئاوی دوکانیش کەمی ئەکا، کە ئاستەکەشی کەمی کرد، کوالێتی و بەکارهێنانی گومان لێکراو ئەبێت، بەتایبەتی پرۆژەی ئاوی دوکان- سلێمانی ئەکەوێتە بەر مەترسی. هەروەها لە پارێزگای دهۆك، بەنداوێك دروستکراوە، کە بەشی پێداویستیەکان ناکات، بۆیە ئاو لە بەنداوی موسڵەوە ئەهێنن بۆ پارێزگای دهۆك. کەواتە ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان لەبەردەم مەترسی دایە. ( بەشی گرنگی ئەم زانیارییانە بەرئە نجامی چاوپێکەوتنی توێژەرە لەگەڵ ئەندازیار " حەمە تایەر" بەڕێوەبەری بەنداوی دوکان ).**

- ## ڕاسپاردەکان

**یەکەم:** ئەگەر مێژووە نهێنیەکەی نەوت ئەوە بێت، کە یەکەمجار لەسەدەی ( 4 میلاد ) بیەوە،( چینی ) یەکان دەستیان بەدەرهێنان کرد، لەسەرەتاوە لەئەنجامی بەهەڵم بونی زەیتی ژێرزەوییەوە ئاوێکی شۆریان بەرهەمهێنا،وەکو خوێ سودیان لێوەرگرت،دواتر لەئازەربایجان نزیکی باکو هەرلە پێش میلاد یەکەم بیری نەوت هەڵکەندرا،مێژووە تازەکەی نەوت بۆ ( 1853 ) ئەگەڕێتەوە ..ئەوا ( ئاو ) لەگەڵ دروستبونی گەردون دا بۆتە پێویستیەکی گرنگ، بەشێکە لە شارستانیەتی مرۆڤایەتی لەگۆی زەوی، هەر خودی مرۆڤ لە ئاو دروستە بێت، لە قورئانیشدا ئاوها باسی کراوە : (( وجعلنا من ماء كل شيء حي أفلا تؤمنون )) سورة : الانبياء –اية: 30..هەموو شتێکی زیندووم لە ئاو دروستکردووە، ئایا باوەڕتان هێناوە ؟..

**دووەم:** لە ساڵی ( 2015 ) دا، کەمی ئاو لە زێی فورات، بۆتە هۆی ئەوەی نزیکەی ( 10 ) ملیۆن هاولاتی عێراق لە خوارو ناوەڕاست بێ ئاوییان پێوە دیاربێت ..واتە: ئەکرێت هەرێمی کوردوستان ئاو وەك کارتێکی سیاسیی بەکار بهێنێت بەرانبەر حکومەتی مەرکەزیی، کە بودجەی ناداتێ .ئاویان بۆ بەرنەداتەوە .

**سێهەم:** کەرتەکانی کشتوکاڵ هیچ یان لە نەوت و غاز کەمتر نییەو، ستراتیجی ترن، لەرۆژهەلاتدا ئابوریی تەنها پشتی بە نەوت بەستووە،کە ئەمە هەڵەیەو،ولاتێکی وەك سریلانکا ( 24 ) ملیۆنن،تەنها بە فرۆشتنی گەلاچایی ئەژین .بۆیە پێویستە کادری گۆشکراو بە هزری سەردەم و،ڕووپێو و،جیۆلۆجیکار ی باش پەروەردە بکرێن . پاشان شارەزای ناوچەکانی خۆیان بن، تا خێرا لە کەمبونەوەی ئاوی ژێر زەوی و ئاوی دەریاچەکان و ڕووبارەکان بکۆڵنەوە .

**چوارەم:** خۆ ئامادەکردن بۆ ئەوەی،کاتێك تورکیا ئاو وەك کارتێکی سیاسیی بەرانبەر عێراق و سوریا بەکارهێنێت ( بە پیلانێك کە ئیسرائیل تیایدا بەشدارە ) ئایا لێکەوتەو کاریگەرییەکانی چی ئەبێت ؟

**پێنجەم:** بایەخدان بە ( بەنداو–سد ) و گلدانەوەی ئاو..وەکو بەنداوەکانی : دوکان و دەبەندیخان و کۆلۆس و شەدەڵەو باکرمان و دهۆك و زرکەو شەقلاوەو...تاد .چاودێریکردن و پاراستن یان لە ڕووی ئەمنیەوە .هەروەها دەستگرتن بەسەر بەنداوی ( موسڵ ) لەڕووی ئابوریی و ئەمنی و ستراتیژییەوە بۆ کورد گرنگە .

**شەشەم:** بەنداوی بێخمە، کە ( 60 ) کم ئەکەوێتە باکوری رۆژهەلاتی پارێزگای هەولێر،بهێنرێتەوە بەرباس،سووربون لە سەر بیناکردنی بەنداوی بێخمە بەشێوەیەکی مۆدێرن ،کە بەرزییەکەی ( 230 ) م وە ( 17 ) ملیار م3 ئاو ئەگرێت و،توانای وەبەرهێنانی ( 1500 ) مێگاوات کارەبای لەسەر هەیە .ئەتوانرێت لەسایەی ئەمەوە ناوچەکە بەگشتی ببوژێتەوە و،دەستی کاریش بەرجەستە بکرێت تیایدا .

## **بيبلۆگرافی :**


1- Michel, Pandya (2012): Water Challenges and Cooperative Response in the Middle East and North Africa, Saban Center, The Brookings Project on U.S. Relations with the Islamic World 2012 U.S.-Islamic World Forum Papers.

2- مركز الرافدين للدراسات والبحوث (2011) : نقص مياه يهدد العالم ،ثلاثاء، 2011/10/4. (10:40م)

http://www.alrafedein.com/news.php?action=view&id=786

3- **يسري عبدالرؤف يوسف الغول** ( 2011 ) ، **أثر صعود حزب العدالة والتنمية التركي على العلاقات التركية- الاسرائيلية، جامعة الازهر- الغزة** .

4- **نفس المصدر** .

5- **سري الدين، عايدة العلي** ( 1997 ) "**العرب والفرات بين الاسرائيل و تركيا** "، **دار الآفاق الجديدة، بيروت، ص** 197

6- **نفس المصدر، ص 198**

7- **UNVER, O. H., 1997. Southeastern Anatolian Project (GAP): Water Resources Development, Vol. 13 (NO.4)**

8- Tsakalidou.I: The Great Anatolian Project: Is Water Management a Panacea or Crisis Multiplier for Turkey's Kurds? (Essay), Published: 13 August 2013 (14\8\2015, 12:31Am).
www.isn.ethz.ch/Digital-Library/Articles/Detail/?id=167922

9- **الأناضول** (2015)، **أردوغان يفتتح مشروع "القرن" لنقل المياه من تركيا لشمال قبرص،** (**نيقوسيا: مراد دميرجي**)، 2015/10/16. www.aa.com.tr/.../تركيا/أردوغان-يفتتح-مشروع-القر...

**10**-عدنان حميدان &د. خلف الجراد : الأمن المائي العربي و مسألة المياه في الوطن العربي ،كلية الاقتصاد،جامعة دمشق،المجلد (22)،ص (17-18) – 2006 .

**11-العنزي: التصحر في العراق تسبب بفقدان 100 الف دونم من الاراضي الزراعية وهجرة اصحابها الى المدن، صحيفة مؤتمر اليومية، العدد** 2983، (5 **حزيران** 2014)

http://www.almutmar.com/index.php?id=201215685

12- (سكاى نيوز ( العربية : تقرير: ارتفاع سكان العالم لـ11 مليار نسمة، جمعة، 14 يونيو 2013، 4:39 م- ابو ظبي ./... www.**skynews**arabia.com/.../تقرير-ارتفاع-سكان-العا...

13-العالم: **صحيفة بريطانية: سكان العراق يزدادون بنسبة 344 ٪ نهاية القرن،** (بغداد : **نهلة علي**)، **جريدة اليومية العراقية، العدد (1366)، 28 تشرين الاول 2015**.

* توێژەر ( بەهرۆز جەعفەر):  سەرۆکی پەیمانگەی مێدیتریانە یە بۆ ووزەو توێژینەوەی هەرێمایەتی، خوێندکاری دکتۆرایە لە پەیوەندییە ئابوورییە نێودەوڵەتیەکان لە کۆماری قوبرصی  باکور، ئەندامی فیدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی یە.

Jafarbahroz@gmail.com

**Tel: 0090533 860 15 14**